www.kurdistannet.org 9-7-2003

# کەی کورد لە دەست ئەو مۆتەکە سیاسییانە ڕزگاری دەبێت

کەمال جەمال موختار

تا ئیستاش هەندێ لەوانەی بروایان بە بێگەردی و دڵسۆزی ئەم دوو حیزبە ماوە، ئەم هەواڵەی لە کوردستانپۆستدا بڵاومانکردۆتەوە، وەک پروپاگەندە و ریکلام بۆ سایتەکەمان ناودەبەن .لە وەلامی ئەوانەدا دەڵێین :بەداخەوە کورد لەو نمونانەی زۆرن، بۆیە حیزب و سەرکردەکان هەمیشە لەسەر کارە دزێوەکانیان بەردەوابوون، لە خیانەت و نیشتمان فرۆشتنیش سڵیان نەکردۆتەوە . سایتەکوردییەکان و بەتایبەتی کوردستانپۆست سایتی بازرگانی و پارەپەیدانکردن نیین، تا لە رێگای سەردان و میوان راکێشانەوە، دەستکەوتی ماددی بەدەست بهێنن، بە پێچەوانەوە هەموو ئەرکێکی پارە و مەسرەف و کات و شتی دیکەش کەوتۆتە سەر خاوەنی ئەو سایتانە . جێی داخە هەندێ کەس بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە و پشتی ئەو خاین و سیاسییانە دەگرن و دەیانەوێت ئێمە لە کارەکانمان سارد بکەنەوە.

حیزبەکانمان کە زێد لە ٤٠ ساڵە میللەتی کوردیان بە هەڵگیرسانی شەڕ و بە کوشتدانی رۆڵەکانی گەل و کاولکردن و ئەنفال و راگواستنەوە، هیلاک و ماندوو کردووە، زەردەخەنەیان لە لێوی دوو نەوەی کورد تەراندووە، بە شێوەیەک خێزانێکی کورد نەماوە قوربانییەکی نەدابێت، یەکێکی لێ نەرۆیشتبێت، یان نارەحەتێیەکی نەچێشتبێت، سەرەرای ئەو هەموو قوربانییانە سەرکردە و حیزبەکان هیچ داخوازییەکی سیاسییان نەبووە . داواکردنی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی تەنها بۆ چەواشەکردن و فریودان بوون، لە بری دەستکەوتی سیاسی پەیمانی سیاسییان دۆڕاندووە، بەم رۆژگارە جەلال تاڵەبانی سەردانی وڵاتانی دوژمن و دراوسێ دەکات و شەکر دەشکێنێ، پەیمان و قسەی نابەجێی سیاسییانە دەردەپەڕێنێ، هەموو کوردێک لە ئاستی قسەکانیدا شەرمەزار دەبێت، کورد سیاسییەکی خەرەفاو دەمڕاستی بێت و قسەی وای بۆ بکات و کەس هەڵوێستێکی لە دژی نەبێت، ئاساییە بە ئاشکراش کوردستانمان بۆ هەرزانفرۆش بکەن و ئەوانیش وەها بەردەوام بن، من کاتێک گوێ لە گووتەکانی مام جەلال دەگرم لە شەرمدا موچرکەم پێدا دێت، بڕواناکەم سیاسییەکی خاوەن ئەزموونی ٤٠ ساڵی سیاسەت، ئەوە گفتار و ئەو ماچوموچانە ئەتواری بێت . نموونەیەکی بچوکی نیشتمانفرۆشتن وتەی مەسعود بارزانی و فوئاد مەعسومن کە لە نەزانینی مێژوو و جوگرافیای میللەتەکەیانەوە رای دەگەیەنن کە : موسڵ شارێکی کوردی نییە یان کەرکوک شاری برایەتییە، ئەم قسانە لە دەمی سیاسییەکی نیشتیمانپەروەرەوە نایەنە دەرێ .ستۆکهۆڵمی پایەختی سوید و شارەگەورەکانی تر گەر وەک نموونە بهێنینەوە، بە دەیان نەتەوەی جۆراوجۆری تێدان لە هەندێکیاندا ژمارەیان لەگەڵ سویدییەکاندا بەرامبەرە، بەڵام هیچ حیزب و سەکردەیەکی ئەو وڵاتە ناڵێن ئەو شارە شاری برایەتییمانە، کەچی سەرکردە و سەرانی کورد دەیڵێن، چونکە ئەوان هەرگیز بۆ کورد کاریان نەکردووە و، سەربەستی و ئازادی ئەم میللەتەیان نەویستووە. ئەو جۆرە بۆچوون و قسەڵۆکانەی لایەنگرەکانی پارتی و یەکێتیش لە کەللە و میشکێکی خاوێن و وریاوە نایەنە دەرێ، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە، لە پاش ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی گەلی کورد، سەرمایەی ئەمرۆی میللەتێکی 30 ـ ٤٠ ملیۆن مرۆڤ دەبێت، خاکێکی چوارپارچەکراو، چل حیزبی مافیارەوشت و بێ ئایدۆلۆژی ، دوو سەرکردەی خاین و، ١٠٠ بۆ ٢٠٠ ئەندامی سیاسی جاسوس و سیخوڕ بێت ، کە سێ چوار هەزار ئەندام و لایەنگیریش لە ئەورووپادا چەپڵەیان بۆ لێدەدەن و پاساوی خیانەتیان بۆ دەدەنەوە.